# ژن .. و نیشـــــــــتمان

.

**قوبادی جەلی زادە**
Jalyzada@yahoo.com

ڕەنگە جۆرێك بێ لە بێ عەقلی ئەگەر بلێم لەساتە وەختی نوسینی ئەم چەند دێڕە ، نوێنەری هەر هەمووتانم و لەجیاتی ئێوە و لە قولایی ناخی شـــــــاراوەی ئێوەوە قسە دەکەم ، ئەوەی ئێوە ویستووتانـــــــــــەو دەتانـــــــــــەوێ بیدرکێنن و نەتانوێراوەو ناوێرن ئەوا من بە عالەمی ئاشکرا دەیخەمە ڕوو .

توخوا تا لە قسەکانم دەبمەوە ، دەمامك و ماسکەکانتان فڕێ دەن ، وەك هەن وەك حەز دەکەن هەبن ئاوا وەرنە ڕوو .رووت ببنەوە لە هەموو ئەو ماســـــــــکانەی ئایین نەریت و مێژووی شەرم و شکۆ بەبەریدا سەپاندوونی . رووت ببنەوە بە مانا ڕۆحی و جەستەییەکە رووت بوونەوەیەکی ڕەها .

تکایە شەرم مەکەن و عەرەق مەکـــــــــەنەو ، من شتێك ناڵێم بەدەر لە حەزو ئارەزوو و جیهان بینی ئێوە ، ئێوەی مرۆڤ ، ئێوەی هەزاران ڕێژنە بــــــــارانی حەزوو ئارەزوو . ئەوەی دەیڵێم قسەی ئێوەیە نە بوختـــــان بە خۆم دەکەم و نە بە ئێوە ،

قسەکانم ئەگەر بۆمبیش بێت ، خوێنتان نارێژێت ، ئابرووتان بریندار ناکات بۆمبێکە دەیان شووشە عەتری ڕاستگۆیی تیادا دەتەقێتەوە . تکـــــــایە ( دوور لە ئێوە ) کاژی دووروویی و درۆزنی لە خۆتانا داماڵن . با ڕەنگی ڕاستگۆیی لە هەموو کون و قوژبنێکدا بدرەوشێتەوە .

دڵنیام خودا ئەو کاتانە خۆشی دەوێ ی کە ڕاستگۆیانە گوتت :

من شەرابم لە ئاوی زەمزەم خۆشتر ئەوێ !

دڵنیام خودا دەست بەسەرتا دەهێنێ ئەگەر ڕاستگۆیانە گوتت :

لەرەی مەمکێک پتر ئەژنۆم دێنێتە لەرزە نەک تەکانی بوومە لەرزەیەک !
دڵنیام خودا دەستە پیرۆزەکەی دەخاتە نا دەست و رووەو دەرگا پان و بەرینەکانی بەهەشت پەلکێشت دەکات ئەگەر راسگۆیانە گوتت :
دەنگ و سەدای ژنێکی نازداری هونەرمەند، دەمخاتە سەر کەڵکەڵەی شەیدایی نەک دەنگی نەشازی موئەززنێک !
دڵنیابە خودا لە هەموو گوناهەکانت خۆش دەبێ ، ئەگەر راستگۆیانە گوتت :
ژنێکی قەیرەی شۆخ و شەنگی باخێکی گشتی ، بە فریشتە تازە مەمک کردووەکانی بەهەشت ، ئاڵوگۆڕ ناکەم !
لای من ژن کێشە مەرکەزیەکەیە . ژن نیشتمانمە ، نەک نیشتمانی دووەم ، بەڵکوو تاکە نیشتمان ، نیشتمانی تاقانە !
کەسەکانم ...
من پێم وایە خۆشەویستی لە نێو ماڵەکەی خۆتا لە دایک دەبێ و نەشو نما دەکات و پێ دەگرێت .ئەوسا لە وێوە ، لە باخچە تایبەتیەکەی ماڵێوە ، دەچێتە سەرشەقام و روو دەکاتە باغە گشتییەکان .
ژیان بێ ژن بێ عیشق رەش و سپییە .کە ژنت لە ژیانا وەدەر نا ، ئەوا هەموو رەنگە گەرم و گوڕەکانی دیکەت شەهید کرد ! سزای تاوانی رەنگ کوشتن ، هەمیشە لە سزای تاوانی قەسیدە کوشتن توند ترو قورسترە . هەموو جوانیەکان ، هەمو رەنگەکان ، هەموو بۆنەکان .. ، لەدەرەوەی ژن ، کۆپی کردنێکی زۆر کاڵی جوانی ژن و رەنگی ژن و بۆنی ژنن !
بێ ژن ژیان رەش و سپییە . رەش نائومێدی و سپیش ئەوپەڕی ساویلکەیی و خۆڵەمێشیش تێکەڵ لە هەردوویان ! ژن ئەسڵە ئەوانی دی وێنەی دووەم و ساردوو سڕی ئەون . کە ژن خرایەوە زیندانەوە رەنگ ئیفلیج دەبێ .شانۆ شەل دەبێ ،ژێی کەمانچە دەپسێ و شیعریش خۆی دەکوژێ .
برادەرینە ..

بۆ ؟ بۆ حەزرەتی داود شیاو بێت سەد دانە ژنی هەبێت ، بەڵام بۆ ناکرێ هونەرمەندیک لە پاڵ هاوسەرەکەی خۆیدا ، تابلۆیەک لە سیمای ژنە دراوسێکەیان یان بریقەی چاوی کیژە هاورێیەکی ،یا بۆ باڵای بێوەژنێکی دۆستی بکێشێت ؟!

خۆ حەزرەتی داود پەیامبەر بوو ئێمە هیچ !!!؟

من .. هەڵواسینی پێشەواو گوللە باران کردنی چوار ئەفسەرەکەو ئەنفال کردنی شەست هەزار منداڵ ، لە گەل هەڵواسین و گوللە باران کردنی حەزوو ئارەزوو و خنکاندنی بیروو رای ئازادی ی هونەرمەند و ئەدیبێک ، بە یەک چاو سەیر دەکەم . کپ کردنی ئارەزووی ماچێک و کپکردنی هاواری شۆڕشگێڕێک یەکسانن ! رژانی خوێنی تیوبێکی رەنگ ، هەرگیز لە رژانی خوێنی پێشمەرگەیەک کەمتر نیە !

لە کنە من ، شەهید بوون لە پێناوی عیشقی ژنێک ، دەیان جار مەزن ترە لە شەهید بوون لە رێی عیشقی نیشتماندا . لە یەکەمیاند گۆر غەریب ، بێ گۆر ، بێ ناونیشان . شەهیدێک نە پاداشتی تیایەو نە لە نێو دەفتەری سەروەریدا ، نێوێکت بە حەرفی نوور نە قش دەکرێت . ،شەهیدێک بەر نەفرەتی خوداو بەر زریانی تفی ئاسمان دەکەوێت !

عیشقی ژن زۆر پێش عیشقی نیشتمان کەوتووە . مرۆڤ زۆر درەنگ شەڕی ئەرزوو ئاوو نیشتمانی داهێنا ، لەسەرەتای خەلیقەوە لەسەر باوەشی ژن ،لە پێناو چاوە رەشەکانی قلیمە هابیل قابیلی برای لەت و پەت کرد!. یەکەم قوربانی قوربانی جوانی ی ژن بووە ، خۆر نووسی ، هەوا نوسی ئاگر نوسی ئاو نووسی . یەکەم قوربانی خاک و نیشتمانیش ، نە شاخێک لەسەر سینگی خۆیا هەڵی کەندووەو نە رووبارێکیش بۆمانی دەگێرێتەوە .

ئەگەر لە زۆر شت خۆشبم و لەبەر خاتری ئێوە نەیدرکێنم نەبادا سوور هەڵگەرێن و عەرەق بکەنەوە ، ئەوا هەرکیز لەم قسانە بێدەنگ نابم :

سیامەندوو ... پێشەوا

خەج و ... قەدەم خێر

فەرهادوو ...شێخ عوبەیدوللای نەهری

خانزادی سۆران و .. سێوێ .

هەموویان ، هەر هەشتیان ، هەشت تابلۆی نرخداری گەلەری سەروەرین .

هەمویان خانەوادەی ماڵێکن ماڵێکێ لە سەروەری !

دەبێ هەموومان سیامەند بین و هەموومان خەج

هەموومان هەتگ ..هەموومان گوڵ

هەموومان باڵ ...هەموومان ...سەما

درۆیە .. ناکرێ من پیاو بم و باڵی هەموو حەزوو ئارەزووەکانم بخەمە قەفەسەوە

.ناکرێ من ژن بم و هەرچی پیاوە لە خەرەندەکانی رواندزێ هەڵیاندێرم !!

ناکرێ من شاعیر بم وو لەرەی مەمک بدەمەبەر چەقۆ !

ناکرێ من شێوەکار بم و تەنیا رەنگی نائومێدی لە کارکەم .

ناکرێ کەمانچەژەن بم و شنەی ئاوازم ، قژی خاوی ژنێ نەخاتە سەماوە .

ناکرێ چیرۆکنووس بم و ، شۆخیك ، قارەمانی چیرۆکەکەم نەخاتە سەر چۆك !

شەڕێکی زۆرمان کرد بۆ نیشتمان ، دەبا شۆڕشێکیش بۆ ئازادکردنی جەستە بگێرین .

دەبا بکۆشین جەستە لە سەهۆڵبەندانی مەنفاوە بگێرینەوە زێدی گەرم گوڕی شەرعیەت

با جەستە ئەم بتە نەفرەتلێکراوە ، بکەین بە کتێبێکی پیرۆزو ، هەموو ئایەتە ئاگرینەکانی ئەزبەر کەین .

با قفڵە ژەنگنەکانی لەش ، هەلا هەلا کەین و پەپوولە مەحکووم کراوەکانی ماچ، هەڵفرێنین !

با خەباتکەین تا مومارەسەی خۆشەویستی لە کەنارەکانی نوێژ کردن ، نزیك کەینەوە .

**با سێوە حەرامەکان حەڵاڵ کەینەوە و بەیاننامەیەك ، بۆ بێ گوناهی ئادەم و حەوا ، دەربکەین !**

**ئازیزان....**

**دەزانم هەموو ژنەکانی ئەم شارە ، لە ترسی خوداو لەترسی باب و لە ترسی موختاری گەڕەك ، بەرد بارانم دەکەن . بەڵام لە ژێرەوە راسگۆییم ئەگرنە باوەش و گوڵ بارانی دەکەن .**

**هەموو پیاوەکانی ئەم شارە ، گوللە بارانم دەکەن ، چونکە حەز دەکەن قوباد بن و ناتوانن .**

**من لەبەر دەم رووناکیدا شەیتانێکی رەجیمم ، بەڵام کە چراکان دەکوژێنەوە ، خوداوەندێکی میهرەبان !!**